# رژیمی کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی حوکم بۆ هەڵسووڕاوانی کرێکاری ناتوانێ پاشەکشە بە بزووتنەوەی کرێکاری بکات

رژیمی کۆماری ئیسلامی بە گرتن و زیندانی کردنی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی سەقز لە ئەوەڵی مانگی مەی 2004، تووشی هەڵە بوو. بە دەرکردنی حوکم لە لایەن بێدادگای دژی ئینقلابی سەقزەوە بۆ زیندانی کردن و دوور خستنەوەی ئەم هەڵسووڕاوانە تووشی هەڵەیەکی‌تر بووە.

ئەزموونێکی تاقی کردەوە کە یەکەمجار شەپۆلی سەر شۆڕی و ریسوایی سەرتاپای داگرت و لە ئاستی نێونەتەوەیی و هەم لە ئاستی نێوخۆیی‌دا سیمای دزیوی دژی کرێکاری دژ بە دێموکراسی و روخساری دیکتاتۆرانە و سەرەڕۆیی خۆی بە باشترین شێوە دەرخست. بۆ نارەزایەتی دژ بە دەرکردنی ئەم حوکمە، دەیان رێکخراوی ناوەند و سەندیکا و یەکێتی و فێدراسیۆنە کرێکاریەکانی نێونەتەوەیی و هەزاران کەسایەتی سیاسی و ناو زانکۆکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ بێزاریی خۆیان لە کردەوەی رژیمی ئیسلامی و دژ بە دەرکردنی حوکم دەربڕی و پشتیوانی خۆیان لە گیراوەکان راگەیاند و ژمارەیەکی بەرچاویش لە رێکخراو و ناوەندە کرێکاری‌یەکانی ناوخۆی وڵات، پشتیوانی خۆیان لە گیراوەکان دەربڕیوە. سەدان نامە و نارەزایەتی‌نامە لە لایەن ناوەندە نێونەتەوەی‌یە کرێکاریەکانەوە، بۆ سەرۆك کۆماری ئێران ناردراون، کە لەو نامانەدا وێڕای ریسوا کردنی رەئی دادگا خوازیاری

هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دەرچوو بۆ ئەو هەڵسووڕاوانەیە. بە پێی داخوازی هاوسەری گیراوەکان لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا کومیتەی پیشتگیری و بەرگری کردن لە گیراوەکان پێکهاتووە.

لەم کۆمیتەیەدا کەسایەتی ناسراوی سیاسی، زانکۆکان، نووسەر و هەڵسووڕاوی کرێکاری تێدا ئەندامن کە بە پێکهێنانی لێژنەی بەرێوە بردن و بانگەوازی گشتی بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە هەنگاوانی کۆمیتەی ناوبراو، لە هەوڵدان بە هەرشێوازێك کە دەکرێ حکومەتی ئیسلامی ئێران ناچار بە هەڵوەشاندنەوەی حوکمی زیندانی کردن و دوور خستنەوەی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی مەراسیمی یەکەمی مانگی مەی، بکەن.

کۆماری ئیسلامی ئێران کاتی بەرێوە چوونی رێورەسمی رۆژی جیهانی کرێکار لە ئەوەڵی مانگی مەی 1383 ژمارەیەك لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری و خوازیاری وەرێخستنی رێورەسمی سەربەخۆی رۆژی جیهانی کرێکاری لە شاری سەقز، پێش ئەوەی کە رێ ورەسمەکە ساز بدەن، دەستگیر و رەوانەی گرتووخانەی کردن کە ژمارەیەك لە گیراوەکانی ئازاد کرد و 7 کەس لەوان کە هەڵسووڕاوی کرێکاریی و کاربەدەستی رێکخراوە کرێکارییەکان بوون، دەست بە سەر کران و لە زینداندا راگیران.

ئەم 7 کەسە بریتی بوون لە مەحمودی ساڵحی، موحسنی حەکیمی، موحەممەدی عەبدی پور، بورهانی دیوارگەر، ئیسماعیلی خودکام، هادی تەنومەند و جەلالی حوسێنی.

پاش راگواستنی گیراوەکان بۆ زیندانی سنە، بۆ نارەزایەتی دەربڕین لە دژی کردەوەی دژی کرێکاری و نائینسانی رژیم، گیراوەکان مانیان لە خواردن گرت.

بە دەنگدانەوەی هەواڵی گیرانی هەڵسووڕاوانی کرێکاریی لە سەقز، شەپۆلی نارەزایەتی بەرین لە لایەن رێکخراو و ناوەندە کرێکاری و کەسایەتییە سیاسی و کرێکاریەکانی نێو خۆیی و دەرەوە کەوتە رێ. بە تایبەت رێکخراوی جیهانی کار، یەکێتی‌یە سەرتاسەری‌یەکان و ناوەندە کرێکاریەکانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی جیهان، بە دەربڕینی پشتیوانی لە گیراوەکان و ناردنی نامەی نارازیانە بۆ سەرکۆمار و کاربەدەستانی حکوومەتی ئیسلامی، ئەم حکومەتەی ناچار بە پاشەکشە کرد و بە ناچار پاش 12 رۆژ بەند کردنیان، ئەوانی بە قەراری "وەسیقە" ئازاد کرد.

کۆماری ئیسلامی پاش ئازاد کردنی گیراوەکان، بە خیاڵی ئەوەی کە شەپۆلی پشتگیری و نارەزایەتیەکان دامرکاوەتەوە و لە بیر دەچنەوە، لە ماوی یەك ساڵ و نێوی رابوردوودا بەردەوام هەڵسووڕاوانی بۆ دادگا بانگ

کردووە و موحاکمەی کردوون، هەتا لە ئاکام دا لە مانگی خەزەڵوەر ئەوانی مەحکوم کرد و حوکمی بۆ دەر کردن.

بەپێی حوکمی دەرچوو لە لایەن بێدادگای دادگای دژی ئینقلابی سەقزەوە، مەحمودی ساڵحی بە 5 ساڵ زیندان و 3 ساڵ دورخرانەوە بۆ شارستانی قروە، جلالی حسێنی 3ساڵ، موحسینی حەکیمی، موحەممەدی عەبدیپور و بورهانی دیوارگەر هەرکامەیان بە 2 ساڵ زیندانی مەحکوم کراون و بۆ ئیسماعیلی خودکام و هادی تەنومەندیش قەراری ئەوە دراوە کە بۆیان نیە و لە سەریان قەدەغە کراوە کە بکەونە شوێن ئەو مەسەلانە.

بە راگەیاندنی حوکمی دەرچوو لە لایەن دادگای سەقزەوە بۆ ئەم هەڵسووڕاوانە، بۆ جارێکیتر شەپۆلی نارەزایەتی دەربڕین لە ناوخۆ و دەرەوە کەوتە رێ.

کۆماری ئیسلامی هیچکات پێی وا نەبوو کە ئەم جارەش ئاستی پشتیوانی کردن لە هەڵسووڕاوانی کرێکاری بەرین دەبێ و هەر بۆیە ئەزمونێکی تاڵی سەرلەنوێ تاقی کردەوە. حکومەت هیوادار بوو کە بە هۆی فەرامۆشکاری و یان بێلایەنی ناوەند و رێکخراوە کرێکاری و هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاریی ئێران و جیهان هەلێك بە دەست بێنێ کە چینی کرێکاری ئێران و کوردستان چاو ترسێن بکات و دەستیان پێ لە سازدان و وەڕێ خستنی رێکخراوی سەربەخۆی کرێکاری هەڵگرێت و بەریان پێ بگرێ و نە تەنیا چالاکی رێبەران و هەڵسووڕاوانی کرێکاری تووشی شکست بکات، بەڵکوو وزە و تواناییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری تێك بشکێنێ.

بەڵام کۆماری ئیسلامی تێناگات کە بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لە ماوەی دوو دەیە و چەند ساڵ خەبات و خۆڕاگری لە دژی سەرەڕۆیی حکومەت و دژایەتی و دوژمەنایەتی راشکاوانەی رژیم لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران، توانیویانە هاوسەنگییەك بخوڵقێنن و هەلومەرجێك بڕخسێنن کە حزووری ئاشکرای هەڵسووڕاوان و هەبوونی رێکخراوە کرێکاریەکان بەسەر رژیم دا بسەپێنن. بارودۆخێکی ئەوتۆ کە ئەمرۆ پشتگیری جیهانی و هاوپشتی چینایەتی نێونەتەوەیی لە ئاستی وڵاتە جۆاروجۆرەکانی لە پشتە، بێگومان گەڕانەوەی بۆ نیە و هیوا بە پێشکەوتنی رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرە دەستێنێ. کۆماری ئیسلامی بە دەرکردنی حوکمی هەڵسووڕاوان نە تەنیا دوژمنایەتی لەگەڵ چینی کرێکاری ئێران و سەپانی بێمافی بەسەر ئەواندا لە ئاستی جیهانیدا نیشان دا بەڵکوو بە توند و تیژترین شێوە تووڕەیی و بێزاری بیروڕای گشتیی کرێکاریی لە دژی خۆی هەڵخڕاندووە و ئاستی دڕەندەیی مەزهەبی و لایەنە سەرمایەدارانە و سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییانەی خۆی بە بەرزترین پلە دەربڕیوە. چاوەڕوان دەکرێ ئەمجارەش کۆماری ئیسلامی لە ئاست شەپۆلی نارەزایەتی نوێدا ناکام ببێ و نەتوانێ ئەو حوکمەی دەریکردووە بە جێ بگەیەنێ.

***